
# منداڵێک لە ناخمدایە

جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)

لەسەر شاشەی خەیاڵم،
وەک چۆن لووتکەی شاخ دەچێتە ناو تەم،
ئاوا هۆشم دەچێتە ناو بێ ئاگایی،
بۆ ئەوەی ڕاستی لە وەهم دەربێنم.
هێشتا منداڵێک لە ناخمدایە،
ڕابەرمە،
بڕوام بە کۆلارەکەیەتی بمباتە ئاسمان.
کە مانگ دەبێتە دەمە داس،
دروێنەی پارچە هەورەکانم پێ بکات.
منداڵێک لە ناخمە،
کە دەڕۆم،
لەگەڵ شیعر هەمان پرسیارم لێ دەکەن،
کەی دێیتەوە.



## ڕاکردن لە قەرەباڵغی واقیع

زۆر دەربارەی هەتاهەتایی نازانم،
لە سەر ڕێگایەکم،
هێشتا نە سەرەتای دیارە نە کۆتایی.
لە میوەی کەس ناخۆم،
بە پێڵاوی کەس ناڕۆم،
لە خۆڕاگری لاسایی چیا دەکەمەوە،
بۆ ئارامی و ئاشتی.
جوانی لە فلکەی جەنجاڵیی ڕزگار دەکەم،
سەر پەڕە قاقەزە بە وشە گەرم دەکەم،
هەر لە وێندەر دەبم بە هەڵم و
باران نهێنییەکم ئاشکرا دەکات.
ڕووناکی لەو دیوی تاریکی دێنم،
دەچمە ئەو قاوەخانەیەی،

ئەوانەی شیعر ئاینیانە هاتوچوونی دەکەن.
لەوێندەر لۆژیک تەنکە.
من کەسێکی خەیاڵیم
هێشتا دڵۆپێک مەرەکەبم
لە تۆفان و چەکی ئەتۆمی لا بەهێزترە
وەک ئاڵا لە بەرزاییەکانم.
تەنیا بۆ شەهید و
نووسینەوەی خاک
سەر دادەنوێنم.

**لە مەملەکەتی مردووان ون نابم**

هەشت پەنجەمان لە سەر کیبۆردە
بۆ ئەوەی وەک چۆن خوانی قەرەباڵغی
ئێوارەیەک،
لێکترمان دادەبڕێت،
دامان ببڕێت.
خەواڵوویی لە ژێر نۆستەلیژیایە
خەنجەر لە بەر پشتی چیایە
فرمان لە گوێی پاسەوانە
دیجیتەڵ پاشای گەردوونە.
ڕۆبۆت لە بازاڕی هاوسەرگیرییە.
مردنی لێ دەرچێت،
شتێک وەک خۆی نەماوە
ئەویش وەک داڵێکی برسی سێبەری لەسەر خاکە
هێشتا نەیبردوومەتە پیاسەی،
ئەو شارێیەی دەرناچێت.
لای ئەو کەسانەی
وەک شەونمی سەر پەلکەگیا ڕۆیشتن
ئەو نووسەرانەی،
لە خەون چڕتر چیرۆک دەگێڕنەوە.
لە ڕابوردوو نەچەقیوم
ڕاوچی چیرۆکم
بۆ ئەوەی چیتر ئێستەم نەبات.

لە ڕابوردوو نەچەقیوم،
ژیانم پڕە لە فڕین!
ئەوجارە بۆ دوورترین گەشت
لە هزرەوە بۆ دڵە،
فڕینم.

**هەوڵدانێک بۆ گەیشتن بە کات**

بەیانیان کە خۆر هەڵدێت،
مەودا لە دوای خۆی بە جێ دێڵێت.
ئێوارانیش کە ئاوا دەبێت،
عارد و ئاسمان دەبن بە مەودایەک،
لە تاریکی.
کە گەشت دەکەم پەلەمە زوو بگەمە جێ،
کە دەگەمە جێ،
مەودایەک پێش من لەوێندەرە
کە دەگەڕێمەوە ئێستا،
مەودایەکی ساردوسڕ،
وەک دارەمەیتی بن دیواری مزگەوتێک،
چاوەڕوانمە.
هەر من نا،
باڵندە کە دەفڕێ،
مەودا لە دوای خۆی بە جێ دێڵێت
سروشت،
بەهاران مەودای نێوان
بەردێک و بەردێک
درەختێک و درەختێک
بستە خاکێک و خاکێک
بەگیا دادەپۆشێت
دوایی پاییز بەردەداتە گیانیان،
مەودا لە نێوانیان دروست دەکات
ئەوە دۆڕاندنی شەڕە.
وشەکانم هیچیان لەگەڵ کات پێ ناکرێت
هەندێک جار ناگەن بە خەیاڵ

شەڕ بە جێ دێڵم
مۆمێکم لە دەستە.
لە ناو تاریکی.

## چەند شیعرێکی زرنگ

١

لەسەر شەقامی جیهان،
کولتوورەکان بەر یەک دەکەون،
زمانی دایکم بریندارە،
وەک وێنەی منداڵەکانم،
لە گیرفانی لای دڵم هەڵی دەگرم.
لەو سەری دنیام
بە زمانی دیموکراسی قسە دەکەم، بەڵام
بەزمانی دایکم خەون دەبینم.

٢

ڕەشەبا لە درەختەکان،
کەوتنی گەڕانەوەی کۆترە.

٣

بۆ جووتیارەکانی گوندی پەلکانە
لەسەر خاک وەستاوم
ڕۆژگار پەنجەکانمی شاش کرد،
بەڵام هێشتا خۆڵ ڕادەگرن.
ئەو خاکەی لە منداڵییەوە هەڵیگرتوویت،
لە ناو دڵت هەڵتگرتووە،
دەبێت لەسەری بژیت،
یان بۆی بمریت.

٤

کە داو بە سووکی لە ڕووبار هاتەوە
زانیم ئەمڕۆش ماسییەکی زۆرم نان داوە.

٥

لە ئاسمان،
دووکەڵ لە شێوەی کوارگ،
لە ژوورێکی نیوە ڕووخاو
کەسێک ساز دەژەنێ.

٦

وەک جەنگاوەرێک بە تەنیا لە بەرەی شەڕ بێت
لە ئاسمانم
یان وەک پەنابەرێک لە ناو بەلەم
چاو لە کەنار بگێڕێت.
چاو لە تۆ دەگێڕم.

٧

**شێخ سەعیدی پیران**

قوڵفانگەی پەت سەری شۆڕە،
چاو دەڵێی کتێبێکی سەر بەرگرییە،
کراوەیە.
تەرمیان ڕفاند،
بەڵام شکۆی پڵنگ نادزرێ.

٨

گەشت بە ڕێگە بڵندەکاندا دەکەم
خەمی ڕۆیشتن
خۆشی گەیشتن
بە ڕەنگی دووری ڕەنگ دەکەم!

٩

شەڕ تەواو بوو،
بەڵام هێشتا منداڵەکان لە کەمپ،
لە سەر خۆڵی دەرەوەی چادر،
نەخشەی نیشتمان دەکێشن.

١٠

هەموو جارێک دێمەوە ماڵێ هەولێرێ،
خەیاڵم پێش من لە ئاسمانە.
ئەوکاتانە حەز دەکەم هەولێر لە ئاسمان بێت
کە دەچمەوە ماڵێ هەولێرێ
یادەوەرییەکانم باڵیان لێ دەڕوێت
دیمەنێکی جوانە کە دەبینم
خێراتر لە با
لە فڕۆکە
لە خۆم،
ئاسمان دەبڕن.

١١

لە سەرماوەرز دروێنەدەکەم
دڵیشم ئامادەیە بۆ سەفەر

**نزیکیی بە جێی هێشتم**

بە چیرۆکی بەش بەش،
وەک ژیانم.
تووڕەبوون و ئاشتبوونەوە،
لەگەڵ گەشتەکانم.
ڕۆژێکی نوێ،
کە دەزانم هیچی وای پێ نییە بۆ من.
شەوێکی درێژ،
ئێستە زۆرە بۆم.
بە سنووری زەحمەت و ئاسانی
زۆر وڵاتاندا تێپەڕیوم
لە سنووری چیا پێشمەرگە بووم
لە پێدەشت ئاسک
لە دارستان سمۆرە
لەئاو بەلەم
لە ئاسمان فڕۆکە.
دەڵێی دۆڕاندوومەتە گەشت
باڵەکانم چیتر پێکەوە لێک نادەن.
لەمە بەولاوە؛
وەک باڵندەیەکی پیر،
لە سەر دواچڵی داری تەمەن،
بۆ خۆم دەخوێنم.
پێدەچێت ببمە غەریبێکی درێژخایەن
هەتا ئەو ڕۆژەی بە تەنیاییەکی خەمبار،
دەمبەنە گۆڕستانی پەنابەران،
گوێ لە حیکایەتی برینداری ئەوانە دەگرم،
دوور لە نیشتمان دەمرن..

* هەر ئەم شیعرانە بوون، لە دووەمین فیستیڤاڵی ڕامان خوێنرانەوە.

**(ڕامان)**